سەماحەتی حەکیم.. پاراستنی سەقامگیری عێراق لە بەرژەوەندی ناوچەکەو هەموو جیهانە

بەڕێز عەمار حەکیم چاوی کەوت بە بەڕێز خاتوون ئالینا رەمانیسکی باڵێزی وڵاتە یەکگرتوەکتنی ئەمەریکا لە عێراق، لەم دیدارە باس لە پێوەندی دوو قۆڵی نێوان بەغدا و واشنتۆن کرا، سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پتەوکردنی پێوەندییەکان بەشێوەیەك کە خزمەتی هەردوو وڵات بکات و بە هەردوو لایەنیش بە سوود بێت.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە دەسەی هاوپەیمانەتی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بەکەتا بێت، داواشی کرد پێوەندی دوو قۆڵی نێوان عێراق و چەند وڵاتێکی هاوپەیمانەتیەکە بمێنێت و بە بەرژەوەندی هەردوو لا بێت و سەروەری عێراقیش پارێزراو بێت.
سەماحەتی گوتی ئەو سەقامگیرییەی ئێستا بەدی هاتوە لەسەر ئاستی سیاسی و کەمەڵایەتی و ئەمنی بەهۆی ئەو قوربانییە زۆرانەی عێراقییەکان بووە بەهەموو پێکهاتەکانیانەوە، دووپاتیشی کردەوە کە پاراستنی سەقامگیری عێراق لە بەرژەوەندی ناوچەکە و هەموو جیهانیش دەبێت.
دەربارەی شەڕ و قەیرانی غەزە بەڕێزیان داوای ئاگر بەسی خێرای بە شێوەکە کرد و داوای لە کەمەگەی نەو دەوڵەتیش کرد بەرپرسیارێتییەکانی لەئەستۆ بگرێت، سەبارەت بەو شێوە کەمە کوژیەی ڕووبەڕووی فەلەستینییەکان دەبێتەوە.